## سەیفولقوزاتی قازی

لە بەشی 47 ی ئەم زنجیرە وتارەدا باسی دیوانی شیعرە کوردییەکانی نەمر میرزا حەسەنی سەیفولقوزاتی قازی – مامی پێشەوا قازی محەمەد و بنیات دانەری قوتابخانەی ناسراو بە "شیعری موکریان" م کرد کە لە سەردەمی مەشرووتەی ئێران (1906) دامەزرا و قوتابیانی وەک هەژار، هێمن، ئاوات، خاڵەمین، حەقیقی، هێدی و محەمەدی نووری پەروەردە کرد و ئاماژەشم بە دیوانی سەیف چاپی مامۆستا ئەحمەدی قازی دا.

ماوەیەک دوای نووسرانی وتارەکە، دیوانێکی نوێ لە شیعرە کوردییەکانی سەیف لە لایەن بنکەی ژینی سلێمانییەوە چاپ و بڵاو کرایەوە. ئامادەکاری دیوانەکە، رێزدار کاک حەسەنی قازی – کوڕەزای سەیف و نووسەری ئەم دێرانەن بە دوو قۆڵی.

کتێبەکە چەند پارچە شیعری سەیفی تێدا تۆمار کراوە کە لە دیوانەکەی پێشوودا نەبوو و هەروەها 19 بابەتی نووسراو سەبارەت بە ژیان و شیعری سەیف و ژمارەیەکی بەرچاو وێنە و بەڵگەنامە.

ئەوەی بۆکان بگرێتەوە لە کتێبەکەدا زۆرن:

- ئەو شیعرانەی وا بۆ نەمر عەزیز ئاغای عەبباسی گوتراون هاوڕێ لەگەڵ ژیننامەیەکی کورتی عەزیز ئاغا؛
- شیعری گۆرانی "سەوزەی هەمزەبەگ" کە دەگوترێت سەیف لە گوندی سڵێمانکەندی گوتبێتی هاوڕێ لەگەڵ نۆتی گۆرانییەکە کە هونەرمەند "حەسەن دەرزی" نووسیویەتەوە؛
- یەکەم هاوسەری سەیف – زبێدە خانم، کچی ئاغا شێربەگی فەیزوڵڵابەگی بووە؛
- سەیف خاوەنی چەند مڵک و گوند بووە لەسەر چۆمی جەختەتوو و نێوان میاندواو و بۆکان؛
- لەگەڵ میسباحەددیوان(ئەدەب)و براکەی، واتە علی بەگی حەیدەریدا شەریکە مڵک بووە و شیعری بۆ گوتوون و لە عەینی کاتدا بۆ مەسەلەی نوێنەرایەتی پەرلەمانی ئێران لەگەڵ عەلی بەگدا کێ بەرکێی هەبووە؛
- ئەوانە و گەلێک بابەتی دیکەی پەیوەندیدار بە بۆکان.

"ئازادی سەربەخۆیی، میری و گەورەیی، داوا بکەن بە زار و زمان و ددان و لێو- ژیان و شیعرە کوردییەکانی سەیفولقوزاتی قازی 1876-1945"، ئامادەکردنی ئەنوەر سوڵتانی و حەسەن قازی، بنکەی ژین، سلێمانی، 2008، 423 لاپەڕە، کوردی.